ڕێگا

**گۆڤارێکی سیاسی گشتییە**

ژمارە : 079/ RM/009        بەروار2009/09/04

## بۆ بەڕێز: سەرجەم ڕاگەیاندنەکان

**ستاف گۆڤاری ڕێگا داوای یاسایی لەسەر ماکوان کەریم تۆمار دەکات و نهێنیەکان ئاشکرا دەکات**

پاش بڵاوکردنەوەی ڕونکردنەوەیەکی پڕ لەتۆمەت و ناڕاستی بەناو ماکوان کەریم خاوەن ئیمتیازی پێشووی گۆڤاری ڕێگا، لەسەر ئەو تۆمەت و ناڕاستییانە ستاف گۆڤاری ڕێگا داوای یاسایی لەسەر ئەو کەسە تۆمار کرد کەدانیشتووی وڵاتی نەرویجە، بەئومێدی ئەوەی لەڕێگەی دادگاو یاساوە ئەو تۆمەتانەی ماکوان یەکلایی بکرێتەوە، جگە لەوە ئەو هۆکارانەی کەبووە هۆی دەستبەردار بوونی ناوبراو لەپۆستەکەی ڕونکراوەتەوە لەگەڵ ئاشکراکردنی پەیوەندی ماکوان کەریم بەگروپێکی یاساغەوە، هەروەها بەپێویستی دەزانین سەرجەم حساباتی گۆڤاری ڕێگا بخەینە ڕوو .

گۆڤاری ڕێگا کەگۆڤارێکی سەربەخۆی گشتی ئەهلییەو 18 ژمارەی بڵاوکراوەتەوە، پاش تەمەنی ساڵێك و 2 مانگ، بەحسابات و کارەکانی خۆیدا چویەوە، ئەوەی گرنگە بۆ ڕای گشتی ئاشکرا کردنی حساباتی ساڵێکی و گۆڕانگاری پۆستەکانێتی:

| ژمارەکانی ساڵێك | پارەی چاپ بەدینار | پارەی فرۆش بەدینار | کرێی خانوو، ئاوو کارەبا بەدینار | مصروفاتی هەر عەدەدێك بەتایپ و موکافەئەوە بەدینار | دیزاین |
|---|---|---|---|---|---|
| 14 | 73,325,000 | 54,600,000 | 4,230,000 | 3,750,000 | 3,110,000 |

کۆی گشتی تێچوونی چاپخانەو دیزاین و مەصروفات و موکافەئە ئەکاتە :

84,415,000 هەشتاو چوار ملیۆن و چوارسەدو پانزە هەزار دینار

ئەوەی لەفرۆشی گۆڤارەکە دەستمان کەوتۆتەوە:

54,600,000 دینار    لەگەڵ ڕیکلام : 1,180,000 کۆی گشتی :

55,780,000 پەنجاو پێنج ملیۆن و حەوتسەدو هەشتا هەزار دینار

بەدەرکردنی داهات لەخەرجی 84,415,000− 55,780,000 = 28,635,000 بیست و هەشت ملیۆن و شەسەدو سی و پێنج هەزار دینار قەرزار بووین.

بەپێی گرێبەستێکی نێوان ماکوان کەریم و سۆران عومەر وەك خاوەن ئیمتیازو سەرنوسەر بۆ ماوەی 6 مانگ، ماکوان کەریم پێویستە بڕی 12,000 $ دوانزە هەزار دۆلار بدات بۆ ڕێگا، بەمەرجێك لەقازانج و زیانیدا بەشدار دەبێ و بۆی نیە داوای ئەو پارەیە بکاتەوە، سەرنوسەر (سۆران عومەر) دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی کارەکانی هەیەو بۆی هەیە خاوەن ئیمتیاز بگۆڕێ لەهەرکاتێکدا کەویستی،

ڕێگا
گۆڤارێکی سیاسی گشتییە
ژمارە : 079/ RM/009
بەروار2009/09/04

چونکە خاوەن ئیمتیاز دانیشتووی وڵاتی نەرویجەو خاوەنی ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەیە، ئەمەش بەنوسراوو بەدەنك پارێزراوە.

ئەو پارانەی کە ماکوان داویەتی بەمجۆرەیە :

400 دۆلار بۆ دەرکردنی ڕەسمیاتی گۆڤارەکە.

12,400 دوانزە هەزارو چوار سەد دۆلاری ناردووە، بەدینار دەکاتە :

14,632,000 چواردە ملیۆن و شەسەدو سی و دوو هەزار دینار.

ئەمەش وەك داهات لەخەرجی دەردەکەین

28,635,000− 14,632,000 = 14,003,000 چواردە ملیۆن و سێ هەزار دینار قەرزارە.

کاك سۆران عومەر سەرنوسەری گۆڤاری ڕێگا بری 12,000,000 دوانزە ملیۆن دیناری ئەم پارەی دابین کردووە، ئێستا ڕێگا 2,000,000 دوو ملیۆن دیناری چاپخانەی کوردستان قەرزارە.

جگەلەوە ڕێگا خاوەنی ئۆفیس و بارەگاو مومتەلەکاتە کەسەرجەمی بەپارەی خانەی ڕەهەند کڕاوە، خانەیەکی بڵاوکردنەوەو چاپی سۆران عومەرە.

پاش ئەوەی ماکوان کەریم داوای دەستبەردار بوونی لەخاوەن ئیمتیازی کرد، حساباتی کۆتایی ساڵی بۆڕەوانە کراو وتی "من دەستبەرداری خاوەن ئیمتیازی دەبم ئەگەر لەحساباتدا شتێکم کەوت ئەوە قەرزداری کەسێکم دەیدەمەوە، ئەگەر هیچیشم نەکەوت ئەوا بۆ من جێی شانازییە کەماوەی ساڵێك بومەتە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارێکی ئەهلی، وتیشی خاوەن ئیمتیازییەکە شایەنی کاك سۆران عومەرەو پێمخۆشە بۆخۆت پێوەی ماندوو بویت نەیدەیتەوە کەسێکی دەرەوەی خۆتان."

ئەمەش دوای ئەوە هات کەسەرنوسەرو ستاف گۆڤاری ڕێگا بەکۆی دەنگ داوایان کرد خاوەن ئیمتیاز خۆی یەکلایی بکاتەوە لەوەدا کەبەردەوام خەریکی وتاردانە لەپاڵتاك بەناوی گروپەکەی مەلا کرێکارەوەو بۆتە ئەندامێکی باڵای ئەو گروپەو یەکێکە لەئەدمینەکانی ژووری "کوردو ئیسلام و دیدی نوێ" و کەسێکە لەئەندامە چاکەکانی دەوروی مەلا کرێکار، ئەمەش لەوکاتەدا بەڕوونی بەدیار کەوت کەوێنەیەکی مەلا کرێکار لە ژمارە (13)ی گۆڤاری ڕێگا بڵاوکرایەوە، لەکاتێکدا وێنەکە بەویستی مەلا کرێکارو لەسەر داوای خۆی و لەسەیرانێکی گشتیدا گیرابوو بەڵام بەهۆی ئەوەی دەوروبەرەکەی بۆیان دەرکەوت کە مەلا کرێکار لەنەرویج خەریکی چ جۆرە ژیانێکە، پاشگەزبونەوەو وتیان وێنەکە بێ پرس گیراوە، لەم مەسەلەدا ماکوان کەریم بەرگری لە مەلا کرێکار کردو بەویستی خۆی و بەبێ پرس ڕونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوەو بەرگری لەو کەسە کرد، ستاف ڕێگا ئەوەی بەلاوە مەترسیدارو قورسە کەخاوەن ئیمتیازەکەی سەربەگروپێکی یاساغی وەك مەلا کرێکار بێت، بۆیە ئاگاداری کردەوە تاکو هەڵوێستی خۆی یەکلا بکاتەوەو وازبێنێ بۆیە ناوبراو

ناونیشان : سلیمانیە− پشت باخی گشتی− تەنیشت خەڵوەتگەی پیری
07501126064
www.regamagazine.com regamagazine@yahoo.com

ڕێگا

**گۆڤارێکی سیاسی گشتییە**

ژمارە : 079/ RM/009 بەروار2009/09/04

بەڕاشکاوی وتی من سەربە مەلا کرێکارم و دەستیشی لێهەڵناگرم و کرێکار بۆ من باوك و مامۆستاو سەرکردەیە. جگە لەوە ناوبراو بەرپرسی سایتی دووربینی مەلا کرێکارەن بۆیە دەیویست ڕێگا لەبەرامبەر شکاندنی ئیسلامیەکاندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت.

لەلایەکی ترەوە دەیویست ڕێگا بۆ شکاندن و لێدانی نەوشیروان مستەفا بەکاربهێنرێ چونکە ناوبراو کوڕی عەبدولکەریم پێنجوێنییەو دەڵێ ساڵی 1992 باوکم بەفەرمانی نەوشیروان مستەفا کوژراوەو منیش تەنها ئاواتم ئەوەیە بەنوسین تۆڵەی لێبکەمەوە.

ستاف ڕێگا هیچ لەمانەی قبوڵ نەبووەو ڕەنگە هەندێك شتی بەسەردا تێپەڕیبوبێت بۆیە دوای ململانێ و گفتوگۆو ناکۆکییەکی زۆر ماکوان دەستی لەڕێگا بەرداو داواشی کرد بەشێوەیەك خاوەن ئیمتیازییەکەی لێوەربگیرێتەوە کەکەس نەزانێ لەسەر ئەو مەسەلەیەیە، بەڵام لەژمارە (18) کە ڕێگا بڵاوبویەوەو ناوبراو لەخاوەن ئیمتیازی نەمابوو، بەدەستی کەسانێك هەستاوە بەڕونکردنەوەیەکی بێ بنەماو دوور لەڕاستی لەکاتێکدا کە نەگۆڤاری ڕێگای بینیوەو نەئەزانێ ئۆفیسی ڕێگا لەکوێیەو نەنوکە دەرزییەکی کریوە بۆ بینای ڕێگا، نەمافی ئەوەشی هەیە قسە بەناوی ڕێگاوە بکات.

وەك ستاف ڕێگا داوای یاساییمان لەسەر ئەو کەسە (ماکوان کەریم) تۆمار کردووەو هەموو بەڵگەیەك دەخەینە بەردەم یاسا بۆ سەلماندنی ناڕاستییەکانی ماکوان کەریم و هۆکاری پەیوەندییە نهێنی و ئاشکراکانی بەگروپێکی یاساغەوەو هیچ بەرپرسیارێتییەکی لەئەستۆ ناگرین زۆر شتی تری نهێنی هەیە کەهەڵیدەگرین بۆ قۆناغەکانی دواتر! !

دڵنیای خوێنەرانیش دەکەینەوە ڕێگا بەردەوامەو ئەوانەی تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستن ناتوانن ببنە لەمپەری بەردەوامیی ڕێگا.

**گۆڤاری ڕێگا**

**سلێمانی**

**4.9.2009**

ناونیشان : سلیمانیە– پشت باخی گشتی– تەنیشت خەڵوەتگەی پیری

07501126064

www.regamagazine.com regamagazine@yahoo.com